# (31) بەشی هەڵگرتنەوەی شتی ونبوو

## ( 1 ) حوکمی هەڵگرتنەوەی ونبوو

1011. عن زَيْدَ بْنَ خَالِدٍ الْجُهَنِيَّ ( t ) صَاحِبَ رَسُولِ ( e ) قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ ( e ) عَنِ اللُّقَطَةِ: الذَّهَبِ أَوِ الْوَرِقِ؟ فَقَالَ: ((اعْرِفْ وِكَاءَهَا وَعِفَاصَهَا، ثُمَّ عَرِّفْهَا سَنَةً، فَإِنْ لَمْ تَعْرِفْ فَاسْتَنْفِقْهَا، وَلْتَكُنْ وَدِيعَةً عِنْدَكَ، فَإِنْ جَاءَ طَالِبُهَا يَوْمًا مِنَ الدَّهْرِ فَأَدِّهَا إِلَيْهِ)). وَسَأَلَهُ عَنْ ضَالَّةِ الْإِبِلِ؟ فَقَالَ: ((مَا لَكَ وَلَهَا؟ دَعْهَا، فَإِنَّ مَعَهَا حِذَاءَهَا وَسِقَاءَهَا، تَرِدُ الْمَاءَ وَتَأْكُلُ الشَّجَرَ حَتَّى يَجِدَهَا رَبُّهَا)). وَسَأَلَهُ عَنِ الشَّاةِ؟ فَقَالَ: ((خُذْهَا، فَإِنَّمَا هِيَ لَكَ أَوْ لِأَخِيكَ أَوْ لِلذِّئْبِ)).

(زید)ی کوڕی (خالد الجهنی)، هاوەڵی پێغەمبەری خوا ( e ) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر ( e ) کرا سەبارەت بە هەڵگرتنەوەی شتی ون بوو: زێڕ یا زیو [مەبەست پارەیە]؟ ئەویش فەرمووی: ((سەیرکە بزانە دەمی توورەکەکەی بەچی بەستراوە و تورەکەکەیش چیە و چۆنە؟ پاشان تا ساڵێ جاڕی بۆ بدە، ئەگەر نەناسراو خاوەنی نەبوو خەرجی کە و ئەوە سپاردە بێت لای خۆت، جا ئەگەر خاوەنەکەی ڕۆژێ لە ڕۆژان هاتەوە بۆی بیدەرەوە)) ئینجا پرسیاری لێکرد سەبارەت بە حوشتری ون بوو؟ ئەویش فەرمووی: ((تۆ چیتە بەسەریەوە؟ وازی لێبێنە، پێڵاوی خۆی و جەوەندە ئاوی خۆیی پێیە خۆی دێتە سەر ئاو و درەخت دەخوا تا خاوەنەکەی دەیدۆزێتەوە)). ئینجا پرسیاری لێکرد دەربارەی مەڕ ومالاتی ون بوو؟ فەرمووی: ((بیگرە لای خۆت، چونکە یا بۆ تۆ دەبێت یا بۆ براکەت یا بۆ گورگ)).

## ( 2 ) دەربارەی هەڵگرتنەوەی شتی ونبووی حاجی }لەحەجدا{

1012ـ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عُثْمَانَ التَّيْمِيِّ ( t ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) نَهَى عَنْ لُقَطَةِ الْحَاجِّ.

لە(عبدالرحمن)ی کوڕی (عثمان)ی (التیمی)یەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ( e ) ڕێگری کردووە لەوەی کە شتی ون بووی حاجی [لەحەجدا] هەڵبگیرێتەوە.

### (3) کەسێ ونبوویەك هەڵگرێتەوە ئەوە سەر لێشێواوە

1013ـ عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ ( t ) عَنْ رَسُولِ ( e ) أَنَّهُ قَالَ: ((مَنْ آوَى ضَالَّةً فَهُوَ ضَالٌّ، مَا لَمْ يُعَرِّفْهَا)).

لە(زید)ی کوڕی (خالد)ی (جهنی)یەوە ئەویش لە پێغەمبەرەوە ( e ) کە فەرموویەتی: ((هەر کەسێك شتێکی وون بوو هەڵگرێتەوە بۆ خۆی و جاڕی بۆ نەدات، ئەوە سەر لێشێواوە)).

### (4) ڕێگرکردن لە دۆشینی مەڕو ماڵاتی خەڵکی بەبێ ڕەزامەندی خۆیان

1014ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ ( t ): أَنَّ رَسُولَ ( e ) قَالَ: ((لَا يَحْلُبَنَّ أَحَدٌ مَاشِيَةَ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِهِ، أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ تُؤْتَى مَشْرُبَتُهُ فَتُكْسَرَ خِزَانَتُهُ، فَيُنْتَقَلَ طَعَامُهُ، إِنَّمَا تَخْزُنُ لَهُمْ ضُرُوعُ مَوَاشِيهِمْ أَطْعِمَتَهُمْ، فَلَا يَحْلُبَنَّ أَحَدٌ مَاشِيَةَ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِهِ)).

(أبن عمر) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) فەرموویەتی: ((با هیچ کەس مەڕ وماڵاتی هیچ کەس بەبێ ڕەزامەندی خۆی نەدۆشێت، ئایا کەسێك لە ئێوە پێی خۆشە بچنە ژووری گەنجینەکەی و گەنجینەکەی بشکێنرێت و خۆراکەکەی ببرێت، دە ئەوانیش گوانی مەڕو ماڵاتەکەیان، گەنجینەیە یانی خۆراکەکەیان بۆ هەڵدەگرێت، کەوابوو با هیچ کەس بێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی مەڕ و ماڵاتی هیچ کەس نەدۆشێت)).

لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوویێبوونەوەی ئیمان
imanonekurd@yahoo.com